هەرکەسێک بگات بە ئەنجامدانی ڕکاتێک لە نوێژی بەیانی پێش ئەوەی خۆر دەربچێت؛ ئەوا نوێژی بەیانی ئەنجامداوە، وهەرکەسێک بگات بە ئەنجامدانی ڕکاتێک لە نوێژی عەسر پێش ئەوەی خۆر ئاوا بێت؛ ئەوا نوێژی عەسری ئەنجامداوە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک بگات بە ئەنجامدانی ڕکاتێک لە نوێژی بەیانی پێش ئەوەی خۆر دەربچێت؛ ئەوا نوێژی بەیانی ئەنجامداوە، وهەرکەسێک بگات بە ئەنجامدانی ڕکاتێک لە نوێژی عەسر پێش ئەوەی خۆر ئاوا بێت؛ ئەوا نوێژی عەسری ئەنجامداوە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کۆتا ماوەی ئەنجامدانی نوێژی بەیانی وعەسر بۆ ئومەتەکەی ڕوونەدەکاتەوە، دەفەرموێت: (هەرکەسێک بگات بە ئەنجامدانی ڕکاتێک): واتا گەیشتبێت بە ڕکوع بردنێک لە نوێژی بەیانیدا پێش ئەوەی خۆر دەربچێت؛ ئەوا نوێژی بەیانی ئەنجامداوە لە کاتی خۆیدا چونکە ڕکوع بردنەکە لە کاتی خۆیدا بووە، وهەرکەسێک بگات بە ئەنجامدانی ڕکاتێک لە نوێژی عەسر پێش ئەوەی خۆر ئاوا بێت؛ ئەوا نوێژی عەسری ئەنجامداوە لە کاتی خۆیدا چونکە ڕکوع بردنەکە لە کاتی خۆیدا بووە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10602